# بانگەوازێکی رۆژنامەی میدیا بۆ دڵسۆزانی رۆژنامەوانی کوردی

رۆژنامەی میدیا لە ژمارەی دەستپێکەوە تاکو ئێستای، سەکۆ و مینبەرێکی ئازاد و بوێر بووە، دەنگی جەماوەری سەرجەم بەشەکانی کوردستانی مەزن بووە و گرنگی بە باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان داوە و ئێش و ئازارەکانی هەمووانی بە هی خۆی زانیوە و دەنگیانی گەیاندۆتە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و زۆربەی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و وڵاتپارێزان تیایدا بە جیاوازی بیر و بۆچوون و ئایدیایانەوە نووسینەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە داوا لە سەرجەم رۆشنبیران و نووسەران و وڵاتپارێزان و هەر تاکێکی پێشکەوتووخواز و نوێخوازانی کوردستان دەکەین میدیا وەکو پێشتر بە هی خۆیان بزانن و دڵنیا بن لەوەی دەرگای میدیا بۆیان والآیە تاکو نووسین و وتارەکانیان تێیدا رەنگ بداتەوە. میدیا بە هاوکاری ئێوە دەوڵەمەندتر و پڕناوەرۆکتر دەبێت.

سوپاس و پێزانینی خۆم و ستافی میدیا بە هەموو ئەو کەسانە رادەگەیەنین کە میدیا بە رۆژنامەی خۆیان دەزانن و هەوڵی سەرکەوتن و پێشخستنی دەدەن.

**بەوپەڕی ڕێزەوە**

**سەرنووسەری میدیا**